

# کێ قەیرانی گرانیو سوتەمەنی دروست کردووە

# تیرۆریستەکانی زەرقاوی یان هەلپەرستەکانی بازار

سالأنێکی زۆرە خەڵکی گرفتارن بەدەست نەبوونی سوتەمەنی پێویست لەرابردوودا ئۆباڵ ئەخستە ئەستۆی رژێمی عێراق کەرێگەی نەدەدا سوتەمەنی بگاتە کوردستان بەلأم دوای روخاندنی ئەم دیکتاتۆرە ئیتر خەڵك سوتەمەنی بەنرخێکی هەرزان دەست دەکەوتوو ماوەیەك لەڕێگەی بەنزینخانەکانەوە سوتەمەنی دابەش دەکراو هەمووومان ئەو باوەڕەمان لا دروست بوو کەئیتر ئەم قەیرانە بەیەکجاری کۆتایی پێهاتووە بەلأم زۆری نەبرد قەیرانەکە سەری هەڵدایەوە ئەم جارەیان ئۆباڵەکەی ئەخرێتە ئەستۆی تیرۆرستەکان کەئەوان نائارامیان دروست کردووە.

ئەو شۆفێرە تورکانەی کەسوتەمەنی دەگەیەننە عێراق لەلایەن تیرۆریستەکانەوە دەکەونە بەر هێرشو پەلامارو بەم جۆرەش رێگە لەهاتنی سوتەمەنی دەگیرێت بۆ عێراق ئەم دەنگوباسە راستی تێدایە وەشەوان لەمیدیاکانەوە دەمانبیست ئەو شۆفێرە تورکانە کەسوتەمەنی دێننە عێراقەوە کەوتوونەتە بەر پەلامارو هێرشی تیرۆریستان بەلأم ئەوە جێگەی پرسیارەو وەك مەتەڵە کوردیەکانی لێهاتووە پاش بیرکردنەوەیەکی تێرو تەسەل دەبێت کەسوتەمەنی لەنێو بەنزینخانەکاندا نەماون بۆچی لەبازاڕی رەشدا سوتەمەنی زۆرو زەوەندەو بەنرخێکی خەیاڵی دەفرۆشرێت وەك دەزانین لەوڵاتی خۆمان پاڵاوگەی نەوتمان نیە پاشانیش ئەو خەڵکانەی کەلەنێو بازاڕدا ئەم سوتەمەنیانە دەفرۆشن لەکوێ دەیکڕن.

لێرەدا دەبێت بووەستینو بیربکەینەوە من ئەڵێم ئەو کەسانە پاڵاوگەی نەوتیان لەماڵەوە هەیە باشە ئەوە وتمان پاڵاوگەیان هەبوو ئەی نەوتی خاویان لەکوێ بوو بۆ نابێت بیری نەوتیشیان لەماڵەوە هەبێت وەك ئەشڵێن شارە حەیاتەکە نەوتی تێدایە ئەگەر ئەوە فشە نەبێت کە پاڵاوگەی نەوتیان هەبێت کەواتە فشەش نییە گەر بیری نەوت لەحەوشەی ماڵەکەیاندا هەبێت.

من ئەو رایەم لا دروست بووە جا بۆئەوەی بزانم رایەکەم راستە یان نا ئەوا دەچم لەخەڵك دەپرسم کاکە بەیارمەتیت یەك پرسیارت لێدەکەم ئەتوانی وەلأمم بدەیتەوە فەرموو برام ئەو خەڵکەی کە ئەو نەوتو گازە بەگران دەفرۆشن لەکوێ پەیدای دەکات بەڵێ" ئەڵێم ئەو کەسانە لەکوێ پەیدای دەکەن جا کاکە من چوزانم بۆ لەخۆیان ناپرسیت کاکە غەڵەت تێ مەگە من رۆژنامەنووسم ئەمەویت وەلأمم بدەیتەوە برای باش ئەوانە لەگەڵ بەنزینخانەکاندا شەریکن ئەو کەسانەی کە بەگران دەیفرۆشن وەکیلی بەنزینخانەکانن باشە سوپاس بەس ناوەکەی خۆشتم پێ بڵێی ناوی

من بەڵێ ناوی تۆ ناوم (لاوەند غەریبە) بەڵام قوڕنەکەی بەسەرما بەخوا دەساڵی کەش بێت توشوی موشکیلەم کەیت ئەتناسمەوە.
کاکی شۆفێر مەرحەبا سەرچاوم برای بەڕێز زەحمەت نەبێت تا فولکەی خوار ئوتێل پالاس بەچەند ئەمبەی کاکە بە (2) هەزار بۆ ئەوەندە گرانە جا من بڵێم چی بەنزین گرانە لەبەنزینخانە نییە دەبێت لەفولکەکە بیکڕین باشە کاکی شۆفێر یەك پرسیارت لێ بکەم جەماعەتی فولکەکە ئەم بەنزینە لەکوێ پەیدا دەکەن. ئەوە بەخۆیان بڵێی باشە منیش سەری لێدەرناکەم کەپێیان دەڵێی کاکە ئەم بەنزینە بۆ ئەوەندە گرانە دەڵێت زەرە ئەکات بەڵام وا بزانم لەگەڵ بەنزینخانەکاندا شەرکین، باشە من بەپێ بڕۆم باشترە ئەو پارەیە نادەم. چومە لای دوکانداریكو لەوێش پرسی بەبڕوای تۆ بۆچی بەنزین گرانە: ئەویش وتی: بەنزینخانەکان دەیفرۆشنەوەو بەبازاڕی ڕەش. دواجار لەهاوڵاتیەکم پرسی ئەو بۆچوونەکەی پێچەوانە بوو پێی وتم مەسئول هەیە دەستی لەپشتی ئەم گرانیەوە هەیە پێم وت ناوی کەسێك ئەزانی بەرپرس بێت ئەم کارە بکات وتی تۆ ئەتەوێ من فەلاقە بکرێم وتم نەوەڵڵا درێژەی پێداو بەپێکەنینەوە وتی کاکە بەنزیخانەکانو جەماعەتی فولکەکەو زائدەن مەسئولەکەش شەریکن کەس نازانێ بەکەینو بەینیان شەیتانیش سەری سوڕماوە جا بڕوات بێت لەوانەیە جنۆکەو شەیتان پرس بەم خەڵکانە بکەن لەنمونە هێنانەوە بەشەیتانو جنۆکە قسەکەی من هاتەدی کەمن وا تێگەیشتم وەخۆشم بەڕاست ئەزانی بەڵام باوەڕتان هەبێت خەتای من نەبوو لەوجۆرە بیرکردنەوە بەڵکو شەیتانەکە پێی ئەوتم کەئەمانە بیرو پالاوگەیان هەیە ئێستا ئەزانم شەیتانەکانت سەریان لەکاری ئەمانە دەرناچێت وە ئەوانیش گیریان خوارد وە بۆئەوەی نەشڵێن مرۆڤی ئەم زەمانەیە لەشەیتان فێڵبازترە ئەم قوڕ بەسەرانەش بۆئەوەی بەشەیتانی خۆیان بمێنێتەوە ئم درۆیانەیان بۆ من ئەکرد بەڵام کورد وتەنی بەری درۆ کورتە دەکەوت کەشەیتانیش خەڵەتاوە بەدەست ئەمانەوە بەڵام نامەوێ پێ لەو راستیەیە بنێ کەبەرپرسەکەو جەماعەتی فولکەکە لەشەیتان فێڵبازترن. بەڵام دڵنیاش نیم وابزانم ئێستاش مەتەڵەکەمان وەڵامەکەی نەزانراوە بۆئەوەی ئەو مەتەڵە نەبێتە حەقایەتی منیش دوو وەڵام هەیە.
یەکەمیان: رای هاوڵاتیانە دووەمیشیان رای منە کەهەرکامیان لێت دەرئەکەوێت کەگروپەکەی زەرقاوی بەتەنیا تاوانبار نییە بەڵکو هەلپەرستەکانی بازاڕ تاوانباران وەئەوانیش خزمەت بەئامانجو تاوانەکانی زەرقاوی دەکەن کەدەیانەوێت خەڵك بەدەست قەیرانی سوتەمەنیەوە بناڵێنن.